# كیسەڵەكانیش دەتوانن ریسوامان بكەن

نورەدین وەیسی

كە زانیم كیسەڵەكان لەشارەكەی ئێمەش دەفڕن, لەئینتەرنێتدا بەدوای ئەو سینەمایانەدا گەڕام كە فیلمەكە نیشاندەدەن, دەمەویست سینەمایەكی نزیك لەماڵی خۆمان بدۆزمەوە, لێ دیار بوو تەنێ لەیەك سینەمای ئەو شارە بەرین و پۆڕەدا نمایش دەكرێ كە بەمیترۆ نزیكەی یەك دەمژمێر دووربوو.

هەركە لەسایتی Google Canada بەدوی "turtles can fly"دا گەڕام كۆمەڵێك سەردێری دامێ, هەندێكم لێ خوێندنەوە هەموویان ئاوا پێناسەی فیلمەكەیان كردبوو "فیلمێكی ئێرانی- عێراقی دەرهێنەری ئێرانی بەهمەنی قوبادییە باس لەكامپێكی ئاوارە كوردەكان دەكات لەسەر سنووری توركیاو عێراق"! ئیدی ئاوێ بێنەو دەستان بشۆ, راستییەكەی زۆر پەست بووم وەلێ گوتم بابڕیاری پێشوەخت نەدەمو چاوەڕێی دیتنی فیلمەكە بكەم.

لەرێگەدا بیرم لەفیلمەكە دەكردەوەو دەمگوت رەنگە زۆر كاریگەر بێو رۆڵێكی زۆر باش لەناساندنی پرسی نەتەوە مافخوراوەكەمان ببینێ, ئاخر دەیان وتارو نووسینم لەسایتو رۆژنامە كوردییەكاندا لەسەر فیلمەكە چاو پێكەوتبوون كە هەموویان بەشانو باڵای بەهمەنیان هەڵدابوو, بگرە رۆژنامەی "خەبات"ی پارتی بەباڵیۆزی سینەمای كوردیشی دانابوو!!.

بیست چركە پێش نیشاندانی فیلمەكە گەیشتمە سینەماكە, كە لەپاڵ فیلمەكەی قوبادیدا سێ فیلمی دیكەشی پیشاندەدا, دە دۆلارم دەرهێناو داوای بلیتێكم كرد. خانمی بلیت فرۆش لێی پرسیم كام فیلمت دەوێ گوتم "كیسەڵەكان دەتوانن بفڕن" گوتی لەبەیانیەوە تۆ یەكەم كەسی دێی بۆ دیتنی ئەو فیلمە, هێشتا چارەگێك مابوو كە وردە وردە بۆ نێو هۆڵەكە شۆڕبوومەوە, هۆڵێكی پانو بەرین هەر خۆمی تێدابووم, پشتی چەند چركەیەك وردە وردە خەڵكی دیش هاتن كە دواجار بووین بە 17 پێنجیان كوردو ئەوانیدیش كەنەدی, فیلمەكە دەستی پێكرد, نووسینی سەر فیلمەكە هەمووی فارسی بوو, تەنانەت ناوە كوردییەكانیشی فارساندبوو بۆ نموونە "ئاواز"ی كردبووە "ئاڤاز", "سۆران"ی كردبووە "سوران", "هێرش"ی كردبووە "هیرش"!

تەنها لەدەستپێكی فیلمەكەدا یەكجار بەفارسی "كردستان عراق" نووسراوە دەنا لەكولەكەی تەڕیشدا ناوی كوردستان نەهاتووە, ئەز ئەگەرچی هیچیش لەبواری فیلمسازیدا نازانم, وەلێ فیلمەكە بەلای منەوە لەوە دەچوو چەند گرتەو دیمەنێك بێو لەیەكەوە درابن, هەندێ گرتەش هەر زێدەبوون, فیلمەكە گوایا دەیەوێ باسی هەڵەبجە بكا, لێ هەر ئەوەندە كوڕوكچێك نیشان دەدا كەخەڵكی هەڵەبجەنو تەواوو بڕایەوە, وەك بڵێی هەڵەبجە لەدنیادا هێندە ناسرابێت پێویستی بەیەك رستە یادیمەنێكی ناساندنیش نەبێت, لەكاتێكدا وەك د.ئەحمەد میراودەلی پێی گوتم لەخوێندنگەكەی خۆی لەشاری كیچنەری كەنەدا لەمامۆستاكانی پرسیبوو "دەزانن هەڵەبجە چییە؟" هەموویان بە نەخێر وەرامیان دابووەوە پاشان یەكێكیان گوتبووی ئەرێ هەڵەبجە خواردن نییە؟!

ئاغای قوبادی دەزانێ كێندەرێ نیسكان دێنێ, بەتایبەتیش لەولاتە رۆژئاواییەكاندا, هەر بۆیەش زۆربەی فیلمەكانی لەسەر ژیانی سەختی منداڵانە, وەلێ بەداخەوە لەم فیلمەدا وێنەیەكی زۆر كرێتو دوور لەراستی منداڵانی كوردستان نیشاندەدا, لەدیمەنێكی فیلمەكەدا باسی بازاڕی شێخەڵای هەولێر دەكا لەساڵی 2003 كە تێكڕای بووەتە بازاڕی چەك فرۆشتن, دوو منداڵ دەچنە دوكانێكی چەك فرۆشتنو دەڵێن "خارە دوو ئار بی جیمان بدێ"! پێموانییە لەساڵی 1991یش كە ئەوپەڕی بێ سەروبەریو بەرەڵڵایی لەكوردستاندا هەبوو چەك فرۆشتن ئاوا بووبێ.

یەكێك لەو بۆچوونانەی كە شۆڤێنیستان بەرامبەر كورد هەیانە ئەوەیە كە كورد شەڕفرۆشنو جگە لەتفەنگ تەقاندن هیچی دی نازانن, ئەو فیلمە رێك ئەو بۆچوونە دەسەلێنێ كە كورد بەگەورەو بچووكیان تەنها عەوداڵی گوللەو تفەنگو

شەڕن, جا نازانم ئەو بۆچوونە چ خزمەتێك بەپرسی كورد دەكا تا ئەو هەموو پڕوپاگەندەو پێداهەلگوتنە بۆ فیلمەكەو دەرهێنەرەكەی بكرێ؟

دلنیام بەهمەن وەك بازرگانێك بیر دەكاتەوەو گرنگ ئەوەیە گیرفانی پڕ بێو فیلمەكەی زۆرترین خەلاتو پارە كۆبكاتەوە. ئیدی كوردیش هێندەی تر سووكو ریسوا دەبێ یان نا جارێ بەجەهەننەم, لەكاتێكدا دەبوو كاك بەهمەن بیزانیبا كە سیاسەتوانو دەسەلاتدارانی كوردستان كوردیان هێندە ریسواو شەرمەزار كردووە كە پێویست بەوە نەكا فیلمسازان لەم بوارەدا هیچ ئەركو ماندوو بوونێك بكێشن!

خۆزگە ئەو پارەو یارمەتیەی كە پدك و ینك بۆ دەركردنی ئەو فیلمە داویانە بە بەهمەنی قودبادی بیاندابایە بەرپرسێكی خۆیان تاگەشتێكی ئەوروپای پێ بكاو چەند شەوێكی سووری تێدا بەسەر ببا, بۆیە ئەو خۆزگە خراپە دەخوازم، چونكە بێگومانم كە بەرپرسانی كوردستان رەفتارو قسەیەك ناكەن كە هێندەی بالی مێشێك خێرو قازانجی كوردی تێدابێ.